# سەفەرێکی بێ کۆتایی

ئەمە مێژووی ئێوە نی یە وانەکانی مەخوێننەوە

کۆچ سرودێکە بۆ مردن ئەو سرودەش مەڵێنەوە



نوسینی: ئومێد لەتیف

لە قەڵای هەولێرەوە زەنگی بەجێهەشتن بیسترا، لەو دەمەوەی بە پیادە لەبەردەم ئوتێلە میللی یەکان و خواردەمەنی یە هەرزان بەهاکاندا چاوم گێرا (شێر عەلی)* م بینی! ڕامام و چاوم گێڕا بۆ هاوڕێکانم (ئیبراهیم "بۆرندۆق"*، ئاوات "مەغۆل بەگ"*، ئیبراهیمی دەف و... هتد) پێچم خوارد گەیشتمە بەردەمی "مشوار" وەستام لەوێ (خۆرکەوتن)*م دی! واقم وڕماو وەستام (نەخشین)* ئەیووت: "جوامێر*... ئەبێت جوامێر بیت، ئەو دەمە دەگەیتە ئەشقی نەخشین" لەپڕ کاکێکی چەک بەشان ڕایچڵەکاندم! دوو کەسێتی یەکەی ترم بیرکەوتەوە (یاسین و کامەران) کۆکەیەکم کرد ... سەلاحە ڕەش لەوبەرەوە بزەگرتی ... لەوێوە ڕەت بووم چووم بۆ وەزارەتی ناوخۆ. کاک ئیبراهیم لەناو پاسەکەیا لەسەر جێگە کەمێک دەنگە دەنگی لەگەڵ کوڕێکی هەولێریا کرد، بیرمە کوڕە هەولێری یەکە بەوی ئەووت (بەسە گارە گار مەکە) هەرچۆنێ بێ لەو شەڕە دەربازمان بوو...

موافەقەتی سەفەر کردنم بۆ دەرچوو، پاسپۆرتەکەم لەگیرفانم هاوویشت و ڕووەو زاخۆ بەڕێ کەوتم. لەڕێگە شێر عەلی بای بای بۆ ئەکردم... ئا هەر لەو کاتەیا بوو لە سترانی شەمەندەفەری تارمایدا (هۆرێن)* ئەیووت من بانگی یاخی بوون ئەیەم!...هتد، (هیوا)* لەسەر پێپلیکانەی هۆڵی ڕۆشنبیری* بوو، کەوتە خوارەوە، ترسام دڵم کەوتە پەلەپەل و عارەقی ساردم دەرا، ڕووم وەرگێڕا (تەها)* دووا ئەفسانەی بوونی ئەبزرکاند، ئەوەندە تێگەیشتم ئەیووت:(م....مممم.......ممممم....من ح ح ح ح ........................ حححح...حە....حەز...ئەکەم، من حەز ئەکەم میز کەم! ئەمەوێ لە چێشتخانەکە.

پاشان لێرە دوا هەناسەی سامۆئیل بکێت تەواو بوو و منیش تەواو بووم هیواش ئەیووت: هەموو شتێک تەواو ئەبێت.

سەیتەرە: کاکە هەویەکەت!

بەڵێ باش

پاش وورد بوونەوە، فەرموو کاکە، پاسەکە ڕۆی ... چوومە ئوتێل سەفین لە زاخۆ!

ئێوارە بۆ مەبەستی کات بەسەربردن لەگەڵ هاوڕێ یەک چووین بۆ گازینۆیەک، دەستمان کرد بە دۆمینە کردن. لەوێ پاسەوانم بینی!

دیڤیز* هاو بۆلام : ئەتوانم کەمێک لاتان بم؟

من: بەڵێ!

دیڤیز: ئەم پێڵاوە قاچم ئەگرێ، زۆر ئازارم ئەدات!

من: (بە پێکەنینەوە) ئەتوانیت بیگۆڕیت ...

دیڤیز: تۆ نیوە شێتیت! چی؟ تۆ ئەتەوێ چی بکەم ها؟

من: وا هەست ئەکەم بەهەڵە هاتوویت کاکە!

دیڤیز: نەخێر! تۆ خەڵکی ئەوێ نیت؟ تۆ (.......) نیت؟

من: (بە دڵنیای یەوە) نا نەخێر...من ئومێدم...

دیڤیز: (سەرسامە) ها... هەموو کات لر ژوورە سارد و سڕەکەی شەوان کە لەوێ پێکەوە دا ئەنیشتین ... شەوانمان پێکەوە بەسەر ئەبرد... لەوێ تەنیا لەنێوان چوار دیواری بەردینا بووین!

من: ئەرێ کاکە ئەتوانیت دەستێ دۆمینەمان لەگەڵا کەیت و لەم بۆڵە بۆڵە ببیتەوە؟

دیڤیز: ها؟... نەخێر... نەخێر... تۆ ئەتەوێ من چی بکەم، تۆ شێتیت؟ تۆ هیچ نازانیت! چاوەڕێی چی لەمن ئەکەیت ها؟ (دیڤیز ڕای کرد).

پاش پێنج سبەی لە ئیبراهیم خەلیل پەڕیمەوە، جەندرمە پێشوازی کرد. چوومە ئەستەنبوڵ لەوێ لە باخچەی پاشا پیاسەم ئەکرد (سەرەتا بەرد بوو)*م بینی ... زەمەن ڕۆی.

لە ئەڵمانیام لە (بانهۆڤێک)*ی شاری بەریلن (هاینەرمیللەر)*م بینی، منیش سەیربو بەلامەوە، چوومە پێشەوە لێی و تەماشام کرد دەقی هاوڕێ یەکم هەبووی بە دەستەوە بوو. چاوم هەڵگلۆفی ... وون بوو لەبەر چاوم!

سەیر بوو لەو کاتەیا هەرە تریشقەو باو و بۆران دەستی پێکرد. چوومە دەرەوە، لەوێ وەک دەنگی تەقەو تەقینەوە ئەبیسترا لەوێ لەناکاو کەسێکی چەکدار ووتی: هاوڕێ

ئەتوانی ئەم چەکەم لێ وەرگری کەمێک پشوو ئەیەم؟... پاشان هەموو شتێک وون بوو لەبەر چاوم. گەڕامەوە ئەو شوقەیەی کە چەند شەوێک لەوەوپێش لای برادەرێک مابوومەوە لای.

سبەینێ یەک لە شەمەندەفەرێکا بووم گەیشتمە سنورەکانی ئەڵمانی–دانیمارک، چاوم گێڕا دەریایەکی شینی بەرین...(هاملێت)م بینی لەسەر بەلەمێک دانیشتبوو، گیتارێکی بەدەستەوە بوو، بەڵام نەیدەزانی بیژەنێ! لە دوورەوە کەشتی یەک دەرکەوت، منیش خۆم پێ نەگیراو پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەم کردەوەو لەدوور ڕوانیم... تومەسلە فەرەنساوە هاتووە... ڕووم وەرگێڕایەوە لای هاملێت کە لەسەر خۆ گیتارەکەی ئەخولاندەوە، پاشان بەهەموو هێزی فڕێیدایە دەریاکەوە... هاملێت هەناسەبڕکێی پێ کەوت و سەیری گیتارەکەی ئەکرد لەدەریاکەدا...سەیر بوو دووای نقووم بوونی گیتارەکە گوڵێکی وەنەوشەیی ڕەونەقدار سەر ئاو کەوت.

هاملێت: "(بە دەنگێکی پڕ مەترسی یەوە) ڕۆژگارێکی سەیرە، زەمانێک بوو قسەی سەیر و سەمەرە باوی بوو کەچی ئێستا ئا لەم سەردەمەیا خۆی نواند...ئەنوین ئەمرین، بەڵام خۆشنەختی لەوەدایە لەم کەناری عەدەمەوە ئەگەینە هەرە لوتکە مەغرورە بەرزەکانی وجود".

هاملێت وون بوو، تومەس شەمەندەفەرەکە ڕێگەکەی بڕیوە..منیش پەنجەرەکەم داخست ویست لەسەر کورسی یەکی خۆم دانیشمەوە، بەڵام پۆلیس دەوری دام و کەلەپچەیان لەدەست توونکردم.

کاتێک شەمەندەفەرەکە وەستادایان بەزاندم و ڕووەو مەخفەر بردیانم. پاش لێکۆڵینەوە چل ڕۆژ زیندانی. سەیرە لە زیندایەکەیا من و تەنها کەسێکی تر ئەویش خەڵکی(ئەلبان)بوو هیچمان زمانی حاڵی یەکتر نازانین. بەهەرحاڵ (نسکۆی بێدەنگی)*م وەک شاشەیەکی سکرین بینی و کچە سەماکەر بەردەوام سەمای ئەکرد و ئەیووت: ئەرێ ئەم هەوری عاتیفەیە بۆ پەڵەی نەیا؟

گەشتیار: ئەمە کۆچێکی بێ گۆرانی یە... بێ کەژاوەیە، هێجگار بێ دەنگە... ئەمەش تەرمێکی وەنەوشەیی یە.

شاعیری کچ: کە دەریای ئەشقی تەزیووت ئەخوێنمەوە ناچار ئەبم پەنا بۆ شیعرێ بەرم...

شاعیری کوڕ: کێ ئەم تەرمە قورسەم بۆ هەڵئەگرێ، ئەمشەو کە ئەوم لێ تۆراوە؟

وێنەکێش: مادام قسەی نێو فەرهەنگەکان تەواو بوون، ئەبێ زمانێکی دیکە بۆ خۆشەویستی بدۆزرێتەوە.

چاومم کردەوە لە یەکێک لە لادێکانی وولاتی چیکم (چیکۆسلۆڤاکیای ئەوسا) جانتاکەم بە کۆڵەوەیەو نە زمان، نە ناونیشان، نە دراوێک شک نابەم! کاتێک نم نم باران بەسەرما هاتە خوارێ بزەیەکی سروشتیانە گرتمی... چەند خۆشە سروشتی بی! چونکە چل ڕۆژە لە ئۆتۆمبیل و کەلەپچەو دەرگاو ژوور و خۆراکی زیندان هیچ شتێکی سروشتیم نەبینیبوو، بۆیە ئاوڕم دایەوە کۆچەرەکەی بریسبان*م بینی ئەویش هەڵیگرتم و بە ئۆتۆمۆبیلەکەی بەرەو مەنزڵی خۆی بردم و شێو خوانێکی باش، خەوێکی ناو جێگەی نەرم...

بەرەو بەیان بوو کەوتینە ڕێ و سنورەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوامان بڕی و داخلی سکەندنافیا بووین لە سۆکهۆڵمی پایتەختی سوید گیرساینەوە...شۆفێرەکە زوو زوو ئەمەی بۆ دوو بارە ئەکردمەوە (لە یادت نەچێ ستۆکهۆڵم جاونترین شاری سکەندنافیا یە، ناسراوە بە بوکی ئەوروپا). ئیدی لەو کاتەوە کە ئەچمە سەر کەنارەکانی شاری ستۆکهۆڵم لەوێ ئەو ئەبینم و بە گوێما ئەڵێ: ئێستا ئەمڕۆ کۆتایی دێت... پاش کۆتایی هاتنی ئەمڕۆ سبەی دادێ، بەڵام بەر لەوەی سبەی دابێت ئەمڕۆ تەواو ئەبێت... سایشتەی یادکرنە ئەمڕۆ!

منیش چاوم بەبارتەقای گەردوون ئەکەمەوەو چاوەڕوانم...بەڵام چاوەڕوانی چی؟

چاوەڕوانم لەوەی کە سبەی دابێ و من ماڵئاوایی لێبکەم...

بۆیە ئەڵێم:

بەیانی بوو کە جێی هێشتم،
بە مشتێک ئاوازی کۆیلەیی
لە باوەشی نێو ژوورەکانی بەهەشت و
دوو نوکتەی خۆش
دەستێکی پڕ لە میهر و
ئەشقێکی هێجگار ئاڵ
لە ماڵ ئاوایتا...
لەبەر سەمایەکی غەریبانە
لە پەنای خانووەیەکی سیحری

لەبەردەم پەیکەری خوادا

بالورەیەک...

فرمێسکێکی غەمبار..ئەڕژێنم......

ئەڵێم...نە خاک بۆمنەو

نەمن بۆ ئەوم...

ئەو حەشامەتەش

کیانێکە و نکۆڵیم لێ نی یە

ئەمە قەدەرێکەو

نەزۆکی وەک من

دێنێتە بەرهەم...

ئای لەم سەفەرە بێ سەر و شوێنە!

کۆتایی

سەرنج:

* شێر عەلی: شانۆگەری یەکی کوردی یە لە دەقی فواد مەجید میسری یە.

* بۆرندۆق، مەغۆل بەگ: چەند کارەکتەرێکی شانۆیی شێر عەلین.

* خۆرکەوتن: کراوە بە شانۆ. کە چیرۆکیکی حەمە فەریق حەسەنە لەسەرەتادا.

* نەخشین + جوامێر: دوو کەسێتی ناو چیرۆکی (خۆرکەوتن)ن.

* هۆرێن: شانۆ کار و فیلم کارێکی کوردە لە سلەیمانی.

* هۆڵی ڕۆشنبیری: مەبەست هۆڵی شانۆی ڕۆشنبیری یە لە شاری سلەیمانی.

* تەها+هیوا: دوو هونەر پیشەی لاوی کارامە بوون لە سالآنی نەوەکان.

*دیڤیز: کەسێتی یەکی شانۆیی یە کە لەدەقێکی نوسەری ئینگیلیزی هارۆلد پیتەردا هەیە.

* سەرەتا بەرد بوو: نمایشێکی شانۆیی بەڕێز هۆرێن غەریب ڤبوو لە شاری سلەیمانی.

* بانهۆڤ: ئەڵمانی یە (هاتوو چۆی یەکی شەمەندەفەری یە

* هاینەر میللەر: نوسەرێکی شانۆیی ئەڵمانی یە.

ئومێد

Omed_arif@hotmail.com